# ده هەڵەی تورکیا

د. ئەحمەدی مەلا
٢٠٠٧-١٠-٢٩



سەدەی بیستویەکەم سەدەی کوردە. مێژووی هەموو میللەتان لە دوو ئاست دا ئیش دەکات. ئاستێکی دیاریی و کرۆنۆلۆژ و تا رادەییەکیش ئاراستەکانی بە دەستی ئینسانەکانەوەیە ؛ ئاراستەکەی تریشی بە پەنهانی ئیش دەکات و خۆی رێکدەخات و هەندێجاریش لە دەست ئینسانەکانیش دەترازێت و بە شیکلێکی نوێیەوە دەردەکەوێت.

هەرەشەکانی تورکیا لە ئاستی یەکەم دا وا دەردەکەوێت کە بە قازانجی ژەنەرالەکانی تورکیا کۆتایی دێت و ئەو تۆپە بەفرەی کە چارەکە سەدەیەکە لە بەرزاییەکانەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ یەکجارەکی هەپروون بە هەبێت. بەڵام لە ئاراستە پەنهانەکەی شتێکی دیمان پێدەڵێ : میکانیسمی ئەو تۆپەڵە بەفرە تەنها بە چارەسەرێکی سیاسی دەتوانی بیتوێنێتەوە و شیکلێکی دیکەی وای بداتێ کە لە قازانجی هەمووان دا تەواو بێت.
کاتێك پێوەر نامینێت، قەیران دەکاتە ترۆپکی خۆی. هەموو قەیرانێکی چارەسەرەی خۆی لە گەڵ خۆی دەهێنێ هەر وەك درێدا ئاماژەی بۆ دەکات. چەمکەکانی ئێتا-ناسیۆن لە وڵاتێکی وەکو تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا بەرهەمهێنەری قەیرانن. ( بەشار ئەسەد لە پاڵ ژەنەراکان خۆی دەبینێتەوە، لە ژێر لێوەوە هەندێ لە سەرانی عێراقی نوێ حەز دەکەن شەپازللەیەك لە کوردی باشوور بدرێت، ئێران لە مەیدان دایە)
ناسیونالیزم یەك پێوەرە، تەنها عەرەب و فارس و تورك ناگرێتەوە. وەدەرخستنی کورد لەم هاوکێشەیە بە مەکینەیەك دەکات تەنها هەر گێچەڵی لێبکەوێتەوە ؛ لێرەوە قەیرانەکان سەرهەڵدەدەن.

لەم هاوکێشەیەدا تورکیا باریکترین بەنە لە دۆزینەوەی هاوسەنگیی دا و ئەویش تا ئێستا نۆ هەڵەی کردووە. دەیەم هەڵە دەیخاتە نێو وەرزی پایزی ژەنەراڵەکان. ئەم نۆ هەڵەیەش ئەمانەی لای خوارەوەن :

١- دان نەنان بە بارودۆخی عێراقی نوێ و لە سەرهەموویەوە هەرێمی فیدرال.
٢- نەبوونی پێوەرێکی جێگیر بۆ گرفتەکانی وڵات.
٣- وڵاتێکی دیموکراسی و لەشکر خاوەن دوا قسەیە.
٤- پەیڕەی نەکردنی پێوەرە کۆپنهاگن کە خۆی لە جێگێریی دامەزراوەکان کە گەرەنتی دەوڵەتی یاسا و دیمەکراسی و مافەکانی مرۆڤ و رێزی کەمایەتییەکانی تیایا مسۆگەر دەکات.
٥- بە هەڵواسراوی مانەوەی کێشەی قوبرس. ( نیشتەجێبوونی ٣٠٠٠٠ هەزار سەربازی تورك)
٦- سەرۆکی "مەجلیسی ئەمنی قەومی" سەر بە لەشکرە.
٧- روانینە کێشەی کورد تەنها لە دیدی لەشکرسازییەوە.
٨- هەوڵی ناردنی لەشکر بۆ دەرەوەی سنووری خۆی.

٩- گوێرایەڵ نەکردن بۆ بانگەوازەکانی نێو دەوڵەتی ( ئەرووپا، ئەمەریکا، وڵاتانی هاوسێ).

تا ئێستا نۆ هەڵە بە هەنییەی وڵاتێکەوە کە پەنجا ساڵە دەیەوێ لە ئەورووپا نزیك بێتەوە و هەر ناگات. ڕەنگبێ هەڵەی دەیەم قەیرانی تورکیا بەرەوە هەلاکەتێکی راستەقینە بەرێت.

هەڵەی دەیەم هەڵەیەکی ستراتیژییە. تورکیا لە ئەورووپا دوور دەخاتەوە. ڕەنگبێ ئەمەریکاشی لە زیز بێت. خەرجێکی زۆر و سوودێکی کەم. ڕەنگبێ ئەزموونی باشوور تووشی شکستییەك بکات بەڵام ناتوانێ بیروخێنێ. هەست و شعوور بە کوردبوون هەندەی تر ژەنەرالەکان تووشی هستریا بکات و کێشەی کورد لە تورکیا هەندەی دیکە بکەوێتە بەر زوومی کامێرا و مێدیای جیهانەوە. دوای کۆچ و کۆڕەوەکەی شەڕی دووەمی کەنداو ئایا رای گشتی جیهانی بیر لە چارەسەرێکی تەواو بۆ کێشەی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەند ناکاتەوە و باهۆزی پایزی ژەنەرالەکانی هەڵناکات؟؟

دانیشگای کاستیا لا مانچا-ئیسپانیا